دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان

نێوەندی توێژینەوەی شانۆی کولتوریی

# گەڕان بەدوای
# شکسپیردا

ناوی کتێب: گەڕان بەدوای شکسپیردا
نووسینی: پیتەر بروک
وەرگێڕانی: مەریوان هەڵەبجەیی
دیزاین: ئارام عەلی
تیراژ:
نرخ:
چاپی یەکەم: دەزگای جەمال عیرفان، ساڵی ٢٠١٤
کوردستان – سلێمانی

رۆژنامەیەک هەڵدەگریت.وا دەزانیت رۆژنامەی ئەمرۆیەو بە حەزو تاسەوە دەیخوێنیتەوە.لەناکاو دەزانیت رۆژنامەی دوێنێنە گرتوتە بە دەستەوە و بەهیچ شێوەیەک حەزناکەی بیخوێنیتەوە.بۆچی؟ئەو ژن و پیاوانەی ئەم رۆژنامەیان ئامادە کردووە،بەدڵنیاییەوە هۆشیارن و باش دەنووسن،بەڵام لە ئەوەی کە نووسیویانە،بۆ رۆژی دواتر بایەخی نامێنێت و دەمرێت و دەپێچن لەماسی.چ جیاوازیەک هەیە لە نێوان رۆژنامەی دوێنێ و لاپەرەیەکی نووسینێکی شکسپیردا کە 100 ساڵ لەمەوپێش نووسیویەتی؟بۆچی شکسپیر کۆن نابێت و نامرێت؟وا دێتە بەرچاو پرسیارێکی ئاسان و سەرگەرمکەر بێت.بەڵام لەراستیدا ئەگەر بیر لە بوونیادوو ناوەرۆکی مەسەلەکە بکەینەوە پەی بەوە دەبەین وەڵامی ساناو ئاسانمان دەست ناکەوێت.لەوشەی"بلیمەت"ەوە

دەتوانین چی وەربگرین و بەچی بگەین؟ئایا وادەکات لە ئێمە بگەین بە چەمکێکی باوەرپێهێنەر؟یا بۆنمونە قوتابخانە رەخنەییە هاوچەرخەکان دەڵێت:"شکسپیر،زیاتر حەزی لە سێکس کردن لەگەڵ کوراندا بووە تا لەگەڵ ژنان."ئایا ئەم چەمکانە ئێمە رێنمایی دەکات و دەبات بەرەو قولایی نهێنی شکسپیر؟رەنگە هێشتا لەبیرتان بێت کە لەقۆناغێکدا کە زۆریش دوور نەبوو لێکۆڵەران بەهەولو کۆششێکی زۆرەوە بەدوای ئاشکراکردنی ئەو پرسەوە بوون کە ئایا بەراستی شکسپیر بوونی هەبووە یا چەندین تیۆری جۆراو جۆر لەماوەی سەد ساڵی رابردوودا دروست بوونکە ناوی تری وەک بیکن،مارلۆ،ئۆکسفۆردو...،لەبری ناوی شکسپیر داناوە.بێهودەبوونی هەموو ئەم هەولانە لەوەدایە کە یارمەتیمان نادات.ئێوە تەنیا ناوتان گۆریوە،هەر هێندە نهێنی شکسپیر،هێشتا لەجێگەی خۆیدا ماوەتەوە.

لەم دواییانەدا رۆشتم بۆ روسیاو کەسێک لەناو بینەرانەوە هەڵساو وتی:"هەموو ئێمە دەزانین شکسپیر خەڵکی ئۆزبەکستان بووە شیک(شێخ)،ناوێکی عەرەبیەو پیریش بە مانای دانا.کەواتە بەو موسڵمانانەیان دەوت شکسپیر کە بەنهێنی لەولاتە پرۆستانەکاندا دەژیان،ئەو جێگایەی کە کاسۆلیکەکانیان تیا ئەکوشت."ئایا ئەم تیۆریەش ئێمە بەرەو تێگەیشتن لە نهێنی شکسپیر دەبات؟ئایا چیخۆف خەڵکی چیک بوو؟

دیدگای رەگەزپەرستانەو خۆگەورە بینانەی تر بونی هەیە کە ماوەیەکی دوورو درێژ لە ئینگلتەرایە رەواجی هەیەو باوی هەبوو،خاوەنی ئەم تێروانینە بوو کە شکسپیر،لەکاتی منداڵیدا لەم ولاتەدا سەری هەڵهێناوەو تەنانەت نەیتوانیوە پارەی خوێندنیشی

بەدەست بهێنێت،تا کاتی دەرکەوتنی شانۆنامەکانی!لەراستیدا پێم وایە شکسپیر یەکەمین شانۆنامەی لەتەمەنی 28 ساڵیدا نووسی. ئەگەر سەرنج بدەینە توانای ووشەو ئەندێشەی ئەو لاوانەی کە ئەمرۆ لەتەمەنی 28 ساڵیدا فیلم درووست دەکەن،وە لەبەر چاوگرتنی ئەو راستیەی کە شکسپیر لەقرناغێکدا دەژیا کە لەندەی جێگای هاتوچۆی نەتەوەکانی دنیا بوو...تەنیا دەتوانرێت گریمانەیەک راست دەربچێت:بە دڵنیاییەوە شکسپیر یادەوەریەکی زۆر بەهێزی هەبووە.لێگەرێن هەر لەمخاڵەوە دەستپێبکەین. بێگومان شکسپیر توانای بینین و توانای لەبیر نەکردن و بەبیرهێنانەوەی زۆرباشی هەبووە.من لەبارەی ئەم توانا جیناتیەوە، لەگەڵ رابەرێکی گەنجی ئۆکسترادا قسەم دەکرد،لەبارەی ئەوەی کە لە لاوێتیدا،چۆن دەکرێت نۆتە ئاڵۆزەکان لەبەر بکەیت و بیرت نەچێتەوە.زۆر روونە شکسپیر خاوەنی ئەم توانایە بووە بیرمان نەچێت ئەو لە لەندەنی قەرەباغی ئەو سەردەمەدا ژیاوەو هێندە بەس بوو بچێتە بارێکەوە تا رووبەرووی پانتاییەکی زۆر لە بیستنی ووشەو زالراوەو دەستەواژەی رۆژانە ببێتەوە.زمانێک کە پێکهاتبوو لە ووشەو واتای هەموو ئەو نەتەوانەی کە لە لەندەن دا هەبوون.کەواتە گوێی ئەو،دەستەواژەی سەرنجراکێشی زۆرو جۆراوجۆری بیستووە.لەرووی جیناتەوە،شکسپیر دیاردەیەک بووەو سەری کەچەلی ئەو پانتاییەکی فراوان و جۆراو جۆری لە ئەندێشە تێدا بووە.ئەمەیە مێشکی شکسپیر!یا باشترە بڵێم ئامرازی شکسپیر!هەروەها خاڵی دەسپێکی قسەکردنی ئێمە.ئایا هێندە بەسە کە بڵێین ئەو یادەوەریەکی گەورەو بەهێزی هەبووە؟پێم

وا نییە.چونکە هەموو ئەم توانایانە بۆ تایبەت بوونی ئەم شانۆنامەنووسە بەس نییە.کەواتە دەبێت ئاماژەبکەین بە تایبەتمەندی گەلێکی بوونیادی تر لە شکسپیردا:"داهێنان!"بەڵام تەنانەت ئەم وشەیەش چ شتێک ڕووندەکاتەوەو ئێمە بۆکوێ دەبات؟وەرن سادە بدوێین.دەتوانین بڵێین شکسپیر شاعیر بووەو کەسیش ناتوانێت دژی ئەم بۆچونە بێت.بەڵام شاعیر بوون لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت؟لە ووشەی ساف و سادەوە،چ شتێکی سەرسورهێنەر هەیە کە لێیەوە شیعر دروست دەبێت و بەرهەم دێت؟هەستی ووشەکان،خۆشەویستی دەربرینی ئەدەبی،...بەڵام ئەمەش بەس نییە.ئێمە بەدوای شتێکی بوونیادیتردا دەگەڕێن.پرسی بوونیادی،ئەوەیە کە شاعیریش وەک ئێمە مرۆڤە جیاوازی ئێمە لەگەڵ شاعیردا ئەوەیە کە لەساتی کە هە ژیانماندا،باڵادەستین بەسەر پانتایی گشتی ژیانماندا.لەم ساتەدا کە هەر لێرەدا دانیشتوین،هیچ یەک لە ئێمە ناتوانێت بچێتە ناو قوڵایی خۆئاگایی ئەوەی کە بەدرێژایی ژیان بەدەستمان هێناوەو لێی تێبگەین.بۆ زۆرکەس لە ئێمە روکنی رابردوو ئەندێشەکانی پێشوو،گەرانێکی ئەستەمەو کاتمان لێدەگرێت.تەنانەت بۆ هەندێک لە ئێمە پێویستمان بە دەروون شیکارە بۆ ئەوەی لەماوەی چەند ساڵێکدا بگەین بە رارەوە نامۆکانی ئەزموونەکان، ئەو ئەزمونە شاراوەو نادیارانەی کە دووبارە چاوەروانی سەرلەنوێ ژیانەوە دەکەن.بەڵام شاعیر جیاوازە.تایبەتمەندی سەرەکی شاعیر بوون،توانای بینینی پەیوەندیەکانە کە لە راستیداو بەشێوەیەکە سروشتی لێڵ و نادیارە.ت.س.ئیلیوت،ئەم پرسە ئەچوێنێت بە "کەوچکە قاوە خواردنەوە":"ژیانم بە کەوچکە قاوە خواردنەوە

دەپێوم."کەوچکی قاوە خواردنەوە لە یەک روانیندا بەبیرهێنەرەوەی کۆبونەوەی کۆمەڵێک مرۆڤە کە لای شاعیر،شێوازێکی دیاری هەیەو وێنەیەکە لەودیو تاکەوە.ئێستا بگەرێینەوە بۆ وتەزای شکسپیرو ئەو راستیانەی ئەو کە حاشای لێناکرێت.هەموو بەڵگەکان ئەوەمان نیشان دەدەن کە شکسپیر زۆر خێراو بێوەستان دەینوسی.مرۆڤێکی ئەهلی کردار بوو کە لە شانۆدا کاری دەکردوو بەردەوام لە حاڵی پێشکەش کردنی شانۆدا بوو. کاتێک سەیری شانۆنامەکانی ئەو دەکەین و تەمەنی نووسینی لەبەرچاو دەگرین،پەی بەوە دەبەین دەبێت بەخێراییەکی زۆر نووسیبێتی.هیچ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی بڵێین شکسپیر نووسەرێک بووە دەقێکی نووسیوەو لەدوای بیست ساڵ,دووبارە پێداچونەوەی پێداکردووەو نووسیویەتەوە.هەچ یەک لە دەست نووس و رەشنووسەکانی شکسپیر لەبەردەستدا نین و زۆر بۆی هەیە،رەشنووسێک بوونی نەبوبێت.هەموو ئەمانە نیشاندەری ئەوەیە کە شکسپیر لە ساتدا بۆچوونەکانی لەسەر کاغەز نووسیوە.شکسپیر بەردەوام نووسینی شانۆنامەی بە چیرۆکێک دەست پێدەکرد.جیاوازی رۆژنامەگەری پیشەیش لە مۆرگان پۆست لەگەڵ شسپیردا هەر ئەمەیە ئەگەر ئێوە چیرۆکی تاوانکاری بۆ رۆژنامەیەک دەنووسن,هەر بەو ئاستەی کارەکەتان شارەزان و توێو روکەشەکانی پرسەکە راڤە دەکەن.شکسپیر رێزێکی زۆری دادەنا بۆ پیرۆک گێرانەوەو کارکدن لەسەری,بەڵام تەواو جیاواز کاری کرد ئەو لەهەر ساتێکدا نەک تەنها بیری لەپەرچەکرداری ناوەوەی خۆی دەکرد بەوەی کە بیری لێدەکردەوە بەڵکو بەتەواوی باڵادەست بوو بەسەر پەیوەندی

ئەو کارە بەگەڵ کاری بێشوماری تردا،لەئاستی جۆراوجۆردا,ئاگاییەکی تەواووباڵادەستیەکی زۆری هەبوو.لەبەر ئەوە ئەو ناچار بوو کەڵک لە ئامرازە زۆرباش و ئاڵۆزەکەی واتە(شیعر) وەربگرێت هەر بەیارمەتی ئەم ئامرازە.بەنووسینی دێرێک,هەم مانای گێرانەوەو هەم مانای کارکردن لەسەر کارەمتەرو دارشتنەوەوی لە رێگەی ئەو بیست هەزار ووشەیەی کە لە هەگبەیدا هەبوو،ئاڵوگۆر پێدەکرد:ئەو ووشانەی کە هەڵگری وێنە،سۆزو رەگەزی خەیاڵاوی لەبەرهەمەکانی شکسپیردا بدۆزیتەوە! ئەم وشانە،نیشاندەری ئاستی جیاوازە لە بیرکردنەوە کە لەودا هەبووە.ئەم دیاردەیە هەڵگری لایەنی تریشە. شانۆنامەکانی شکسپیر،لە شانۆنامەی ئاسایی درێژتر نین. پەرەگرافێکی شانۆنامەی ئەو هێندەی پەرەگرافێکی رۆژنامەیە. بەڵام هەموو سەرنجی ئێمە تەنیاو تەنیا دەچێتە سەر شتێک و ئەویش کەڵەکە بوونە.ئەم کەڵەکەبوونە,رەگەزی زۆر لەخۆدەگرێت و یەکێک لە گرنگترین رەگەزە ناوبراوەکان,وێنەسازییە.دیارە ووشوکانیش بوونیان هەیەو بەلەبەر چاوگرتنی ئەم راستیە کە هەمیشە هەڵگری چەمکەکان نین,رەهەندی زۆرباش لەخۆ دەگرن. تەنانەت ئەگەر بۆ جیاکردنەوەی پرسی چەمکەکان پێویست بن,ئەم راستیە بەشێکە لەو گشتە سەرسورهێنەرەی کە باس دەکرێو دەخرێتە روو.چەمک,هەمان رەوتی بچوکو جوانی رۆشنبیرانەیە کە شارستانیەتی رۆژئاوا ,ماوەیەکی زۆرە لەبەرچاوی نەگرتوە.چەمکەکان بوونیان هەیە,بەڵام مانای ئەودیویان،مانایەکە کە لە رێگای وێنەوە گیان لەخۆوە دەگرێت و روودەدات.مۆسیقاش,لەودیو مانای وێنەوەیە.ناتوانرێت

مۆسیقای ووشە لە دەربرینی مانادا بدۆزیتەوە.ئەو ئەزمونە مرۆییانەی کەلەرێگەیماناوە دەرنابردرێن,لەرێگەی مۆسیقاوە دەردەبرێت.لێرەدایە کە شیعر خۆی نیشان دەدات,چونکە لە شیعردا ئێمە پەیوەندی جوان و وردی نێوان ریتم وئاواز،ڤیبراسیۆن و ووزە دەبینین,پەیوەندیەک کە بەهەر ووشەیەکی,وێنەو مۆسیقای ووشە و مانای دەربرین دەبەخشێت.هێشتاش پێم وایە ئاماژە بە مۆسیقا تا چ رادەیەک مەترسی دارەو دەتوانێت توشی هەڵەتێگەیشتن دروست بکات.ئەکتەرەکان دەتوانن تێگەیشتنی هەڵەیان هەبێت:"ئا,چ دەنگێکی ئاوازدارم هەیە.کەواتە دەتوانم ئاوازدار بدوێم." وەرن راستگۆ بین.ووشەی مۆسیقا لە شیعردا مانایەکی ئاڵۆزو جوانی هەیە.ریتم،هەڵگری چەمکێکی وردو ئاڵۆزە،بەڵام بەداخەوە لە قوتابخانە شانۆییەکانی جیهانی ئەمرۆدا کورت کراوەتەوە لەکۆمەڵێک چوارچێوەدا.ئەو ئەکتەرانەی کە فێر بوون کە شکسپیر لە شێوەی هاوکێشەیەکی فیزیاییدا دەینووسی و ئەو هاوکێشەیەش ژمارەیەکی دیاری هەیە,بەبەکاهێنانی ئەم جۆرە دەربرینە,تووشی دەربرینێکی ووشک و خاڵی لە مۆسیقا دەبن,ئەو مۆسیقایەی کە لەناو ووشەکانی شکسپیردا شاراوەتەوە.بگرێینەوە بۆ پرسیاری سەرەکی ئەو ژیانەی کە لە شانۆنامەکانی شکسپیردا هەیە چییە؟لە راستیدا دیاردەیەک بەناوی شکسپیرەوە چییە؟پێم وایە ئەو 37 شانۆنامەی نووسیوەو دەبێت شتێک لە نزیکەی هەزار کەسایەتی خولقاندبێت.واتە شکسپیر کارێکی زۆر دەگمەن و تایبەتی لە مێژوی ئەدەبیاتدا ئەنجامداوە ئەو سات بەساتی ژیانی بەکارهێناوە بۆ دروست کردن و کارکردنی ورد لەسەر هەزار

روانیین و دیدگای نویَ ئێستا تێدەگەینبە سنوردارکردنی شکسپیر لە یەک دیدگادا چ نامیهرەبانیمان کردووە بەرامبەر بە شکسپیر کتێبگەلێکیان نووسیوە لەبارەی ئەوەی کە شکسپیر فاشیست بووە.نمایشگەلێک لە شانۆنامەی"کوریولانوس"بەدوای ئەوەوە بوون بیسەلمێنن کە شکسپیر بیزار بووە لە خەڵک و ئەندێشەیەکی فاشیستانەی هەبووە یا ئەوەی کە شانۆنامەکەی"بازرگانەکەی ڤینیسیا"ئەوە نیشان دەدات کە ئەو بیرکردنەوەی دژە یەهودی هەبووە.هەموو ئەم ورد بینیانە بەهۆی داوەری کردنی نا دروستەوە دەربارەی بەشێک لە ئەم بەرهەمانەو خستنە رووی پرسیارو وەڵام گەلێکی سەیروسەمەرە دەربارەی شکسپیر هەبووە.مەگەر شانۆنامەکانی ئەمرۆ تەنیا بە روانگەی پەیوەندی و راڤەی سیکسیەوە لێک نادەینەوە؟بگەرێینەوە بۆ دواوە ئازادانەو دەستکراوەتر سەیر بکەین و بزانین شکسپیر لەبەرامبەر ئەو هەموو بیرو بۆچوونانەی کە لەحاڵی گۆراندان,لۆژیک و جۆش و خرۆشێکی دادپەروەرانە دەگرێتە بەرو لەودیو یەکترەوە دایان دەنێت.لەم خاڵەدا تێدەگەین دۆزینەوەی دیدگای شکسپیر مەحاڵە,مەگەر ئەوەی کە ئەو لەناو خۆیدا,هەزار شکسپیری تێدا بووە.مەگەر تێگەیشتن لەم خاڵە چ بایەخێکی هەیە؟

شکسپیر لە چ شێوازێک لە شانۆدا دەرکەوت؟شانۆیەکی پر لە جۆش و خرۆش و!هۆڵە ئەلیزابێسیەکان,هەمان جۆشو خرۆشی لەخۆیدا هەڵگرتووە کە سینەمای سێدەیەی رابردوو,ئەو سینەمایەی کە تیایدا"ئۆرسن وێڵس" "هاولاتی چین" تیا دروست کرد دنیایەکی نوێی لە ئەگەرەکان خستە بەردەممان. شانۆی

ناوبراو بەسەکۆیەکی بڵند دیزاین کرابوو.ڕێک هەروەک ئەو ئەم تەختە شانۆیەی کە لەسەری وەستاوم و وێنەکان بەئاسانی دەتوانن لەسەری بجولێن و بزاوتیان تیا بێت.ئەگەر چی دیکۆر سازکرانێک لە ئارادا نەبوو,ئکتەر دەیوت:"لەدارستانداین." وە ئەو مانایەی کە ئێمە لە دارستانداین.گەر چەند چرکەیەک دواتر بیوتایە:"ئێمە لە دارستاندا نین.".ئوم تەکنیکەخێراترە لە مۆنتاژو برین لە سینەمادا.

لە سینەمادا تۆ وێنەیەکی گشتیت هەیە بۆ دارستان,کات-یا بۆ نمونە وێنەیەکی گشتی بۆ بەرلین.بەڵام ئەمانە دوو وێنەی تەواو جیاوازن.کاتێک ئەم برین و مۆنتاژە بەیارمەتی ووشەی ئەکتەر روودادت,زۆر خێراتر وێنەکان جێگۆرکێ دەبن,چونکە بەهاتنەدەرەوەی ووشەی "دارستان " لەدەمی ئەکتەر,دارستان دروست دەبێت و بەرلین و من و ئێوە دەتوانین بەیارمەتی ووشەکان،دەرکەوین یان دیار نەمێنین.

هەر بەم وشانە دەتوانرێت نمای نزیکی دەموچاوێک وێنابکەیت،بڕۆیتە ناو دڵەوەو لەوێوە بگەڕێیتەوە بۆ ناو دارستان . ئەم سەیالییەتە لەو دیو هەموو ئەو هونەرو تەکنیکە سینە ماییانەیە وەیە کە تا ئێستا داهێنراوە. ئەندازیاری تەماشاخانە ، زۆر یارمەتی ئەم سەیالییەتەی دەدا. سەکۆی تەختەی شانۆی شکسپیر، بینایەکی بە رزو ئاستی جیاوازی هەبوو.ئاستێک بە بەرزایی ئەم سەکۆیەی کە لەسەری وەستاوم ، دیزاین کرابوو ئاستی جیاوازی تر لەگەڵ بەر زایی تردا کە کە لە کاتی پێویستدا

بەکار دەهێنران . ئێستاش کە خەریکی قسە کردنم ، دەمەوێت وشە یە ک بڵێم کە رە نگە لەمڕۆدا و لە بەرلین ببێتە هۆی ترسانی خەڵک . لەبیرمە کاتێک دەساڵ لەمەوپێش ئەم وشەیەم لێرەدا بەکار برد چی ترسێک سەرتاپای بینەرانی داگرت. ئەو وشەیە " میتافیزیکا" بوو. دەساڵ لەمەوپێش لە فەزای سیاسی بەرلیندا ، تەنیا شتێک کە بایەخی هەبوو . ئەوە بوو کە تیڕوانینی سیاسیت دەربارەی ئەم یا ئەو هەبێت ، هەموو ئەو شتانەی لەو دیو ئەم تێڕانینەوە کاریان بکردایە ، بەلاوازو کۆن و باو نەماو دادەنرا. دەبێت بە من بڵێن کە زەمان گۆڕاوەو و شەی میتا فیزیکا کەمتر ژەهراوی و مەترسیدارە. بەڵام دڵنیابن کەلەڕوانگەی شکسپیرو بینەرانی و لە و سەردەمەدا کە شکسپیر تێیدا دەژیا ، بە پێکهاتەیەکی جۆراو جۆرەوە لە لە مرۆڤگەلێک کە لەحاڵەتی هاتو چۆدابون و لەگەڵ ڕوبەرو بونەوە لەگەڵ بیرو باوەڕی زۆردا ، بەتەواوی نەبوونی ئاسایشی بالا دەستبوو . ئەم نەبوونی ئاسایشە، رەحمەتێک بوو کە بویە هۆی ئەم بیرو باوەرەوەی کە پێی وابوو لەودیو هەموو ئەم بێ دیسپیلنی نارێک پێکی شێواوییەوە ، دیسپلین و نەزمێک هەیە کە قابیلی تێگەیشتنە ، کە پەیوەندی بە نەزمی سیاسییەوە نیە. ئەم چەمکە ، هەر بەوجۆرەی کە گۆردن کریگ سەد سال لەمەوپێش نوسی ، لە هەموو شانۆنامە کانی شکسپیردا بەرجەستە بوە. ئەگەر باوەڕت بە دونیای ڕوح نیە ، باشتر وایە هەموو بەرهەمەکانی شکسپیر بسوتێنی، چونکە ئیدی هیچ مانا یەکی نامێنێت. شانۆی شکسپیر جێگای بەیەک گەیشتنی ئەکتەرو بینەران بو، کە تیایدا گۆڕەپانی ژیان بە کە لەکە بونی زۆر ، چرکە بە چرکە دەبینرێت.

ڕەهەندی قابیلی بینین لەشانۆی شکسپیردا هاوڕایە لەگەڵ ئەو ڕەهەندەی دا کە نابیندرێت و هەرلەبەر ئەم هۆیەشە کردار لەسەراسەری شانۆنامەکانی شکسپیردا بە شێوەی ئاسۆیی و ستونی ڕو دەدات. ئێستا تێدەگەین شێوەی شانۆ نامە نوسینی شکسپیر بۆچی و چۆن تا ئەم ڕادەیە وردو چڕوکەڵەکە بویە. هەروەها دەکرێت پەی بە پەیوەندی ڕونی شانۆی شکسپیر لەگەڵ سینەمای ئەمڕۆدا ، دیارە نەک لەبەر هەڵبژاردنی دیمەنی بەتاڵ و بچوک ، دیمەنی شەڕو سەرنج ڕاکێش ... ئەمە بابەتێکی زۆر ڕونە . نەک زۆر جیاواز! نازانم ئایا هەرگیزپەیتان بەو پرسە بردوە کە سینەما گەشەی داوە بە زمانێکی ئالۆزو تەسەنوعی ، بە جۆرێک کە هەمووان دەتوانن لێی تێبگەن؟ لە ساتێکدا نمایەکی دورت هەیە لەکە ساتی دواتردا دەبێتە نمایەکی داخراو ، پاشان دەچیتە جێگایەکی تر و هەموو ئەم جوڵە ئالۆزانە ،وەک ڕۆژ ڕوناک و سەرنج ڕاکێش و قابیلی تێگەیشتنە بۆئەو خەڵکەی کە پێشینەیەکی کولتوری تەواو جیاواز یان ، بەهەر ئاستێکی مەعریفی یەوە هەیە.گورد ن کریگ _ کاتێک تەمەنی نەوەد ساڵ بو دەمناسی _ ڕۆژێک پێی وتم :" ناتوانم بڕۆم بۆ سینەما." وتم :" بۆچی ؟" وتی :" کاتێک لەسەر کورسی دادەنیشم ، بۆ ساتێک ڕادەمێنمە وێنەی چیای سەهۆڵ و پاشان لەناکاو باز دە دە مە پێشەوەودەچمە بەردەم دەموچاوێکی گەورەوە . هەرگیز ناتوانم لەمانای ئەمە تێبگەم!"

گوردن گریک تایبەت بوو هەمیشە بیربۆچونی ئالۆزی هە بوو، بەڵام واقعییەتی ئالۆزی زمانی سینەمای بە دروستی خستە ڕوو . گەرچی ئەو هەمیشە لەبارەی ئەم کارە وە جیاواز

بوە لەخەڵکی تر ، لەکاتێکدا کە خەڵکانی تر بە ئاسانی تە کنیکە سینەمایی کانی وەک " نمای دور" ، " بڕین و موناتژ " ،" نمای نزیک "، و" ناونیشانی جوڵاو" وەک زمانێکی سادە و سروشتی قبوڵکردوە .لە شانۆدا ئەم بابەتە بەیارمەتی دیاردەیەکی شاعیرانە ڕویدا وە . فۆڕمێکی ئاڵۆزکەتیاییدا کارە کتەرەکان بە شێوازێکی تەواو ڕۆژانەو سروشتی دەدوێن و دوای ساتێک ـــرەنگە دو وشە دواتر –زاراوەو دەستە واژە گەلێک و سیفاتگەل و واتاگەلێکی ورووژێنەرو بزوێنەری سەیرو سەمەرە بەکار دەبەن کە هەرگیز لەژیانی ئاساییەدا جێگایان نابێتەوە. لەو دیو ئەو واتایانەوە گەرانی فەلسەفی و جولەی لەسەو راستییەوە هەیە کەهەرگیز ناتواندریت لەناو وشەی ئاسایی خەلکدا بدۆزیتەوە. لەڕوانگەیەکەوە، ئەمە تەسەنوعی یە ، دیارە بۆ پسۆڕی بواری جوانی ناسی ، بەڵام بۆ بینەری سەردەمی ئیلزابیسی ، هیچ کێشەیەک لەئارادا نەببوەوە، هەر بەو جۆرەی کە بینەرانی سینەما زمانی تەواو ئاڵۆزی سینەما بەشێوەیەکی تەواو سروشتی تێدەگەن . ئەو بینەرانەی کەلەوێدا دانیشتون ، وەک ڕۆشنبیران ،ڕستە گەلێکی وا بەزماندا ناهێنن:" ئاه، چی شێوەیەکی سەرکەوتوانەیە ! چی بەڵگە هێنانەوەیەکی شێوەمەندهی لەم بەرهەمەدا شاراوەتەوە!"

هیچ بەڵگەیە کمان نیە لەبەردەستداکە ئەوە نیشان بدات کاتێک شانۆنامەکانی شکسپیرنمایش دەکران ، گروپێک لە بینەران ، پێکهاتەی ئاڵۆزی ئەم شانۆنامانە بە نائاسایی و نائاشنا بزانن. شکسپیر سەدان ساڵ پێش ئەو سەردەمە دەژیا کەتیایدا کارکردن لەسەر پرسی داڕشتنی هونەری پیشەسازی

ها تەئاراوە. پرسی کارکردن و ڕازاندنەوەی تەختەی شانۆ لەدوای سەردەمی شکسپیرەوە بە کارکردن لەسەر شانۆو ڕازاندنەوەی . .... هاتە دونیای شانۆوە .

بەم جۆرە بوو کە خۆشەویستانی شانۆ هاواریان کرد :" عاشقی کارکردنین لەسەر ڕازاندنەوەو ڕێکخستنی تەختەی شانۆ." بەڵا لە ژینگەی ئازاد و کراوەی شکسپیردا ، لەگەڵ ئەو خەڵکەی کەلە دەوری تەختەی شانۆکە کۆدەبنەوە و دەوەستن، سروشتی و ناسروشتی . وەک ژیان دێتە بەرچاو.

کاتێک شکسپیر نوسی : " ئاوێنە یەکم ڕاگرتووە لەبەرامبەر سروشتدا." مەبەستی ئەوەیە مرۆڤەکان لەناوەندی دەقدا ، مانا لەخۆ دەگرن. ئەمەش بەو مانایە کە مرۆڤەکان لەبەرهەمەکانی شکسپیردا ، بەو جۆرەی لەژیاندا واقیعین ، نەک تەنانەت تەسەنوعی ، خولقێندراون. کاتێ دەهاتم بۆ ئێرە نیشانەیەکم دی کەلەسەری نوسرابوو : " کولتور واتە ئەمڕۆ ." وشەی کولتور منی ترساند، چونکە هەر ئەم وشەیە دەتوانێت بمان بات بەرەو تەسەنوعی بون و ڕازاندنەوە . واتە ئەگەر تەسەنوعی یە ، دەکریتناوی بنێیت کولتور.

نەخێر ! ڕەنگدانەوەی ژیانی ڕا ستەقینە ، هەرگیز تەسەنوعی و کولتوری نیە ، بەلکو ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە هەیە . شانۆ ڕوکەش نیشان ندات ، بەڵکو ئەوە نیشاندەدات کە لە توێ زێڕینە شاراوەکانی سەرەوە دا یە ، لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزی خەڵک و تەنانەت لەسەروی ئەویشەوە ، مانای ئیگستانسیالیستی کردارێک بەناوی ژیانەوە. بەڵام وێناکردنی تەواوی ژیان ، کارێکە

جێگای باوەڕپێکردن نییەو  پێویستی بە دروستکردنی هونەرێکی تەواو کەڵەکە بووە.  سات بەساتی ئەم جۆرە بەرهەمانە پرە لە کەڵەکە بونی گەورە کە ڕەگو ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ هەموو ئەو توانایانەی  کەلەناو زمانێکدا هە یە. ئەمە واتە شاعیرانە بون ، شاعیرانە بون ، نەک بۆ جوانی ، بەڵکو بەمە بەستی کەڵەکەبون ، شاعیرانە بون وەک زمانێکی پڕلە چڕی .

ئیستا بگەڕینەوە بۆ  بۆ کیشەڕاستەقینەکەمان ، واتە دۆخی هەنۆکەییمان . لە ئەمڕۆداو لەکاتێکدا دەمانەوێت شانۆنامەیەکی شکسپیرببینە سەر تەختەی شانۆ ، کێشمە کێش لەسەرئەو پرسەیە کە بینەر ، بەرهەمەکە بە چاوو گوێی ئەمڕۆ وە ببینێت و ببیستیت. هەموو ئەوانەی ئەمڕۆ دەیبینین  دەبێت سروشتی بێتە بەرچاو. " دەبێت سروشتی بێتە بەرچاو" واتە ئەوەی دەبینین نە خەینە بەردەم  پرسیارەوە و پرسیاری لێنە  کەین . گەر ساتێک لەخۆتان بپرسن : " ئایا سروشتی یە یان نا سروشتی؟" ئەوەبزانن جێگایەکی کارەکە کێشەی تیاییە  تەواو نییە. ئەکتەر دەدوێت و پەرداخی ئاوەکە هەڵدەگرێت .ئەمە کارێکی سروشتی یە . کاتێک هەمان ئەکتەر لە دیالۆگێکی  زۆر ئاڵۆز دا برەو شاعیرانە بوون رادەکێشرێت، ئەویش دەبێت سروشتی بێتەبەر چاو.  وە ئەگەر جوڵەیەکی سەیربکات ، دەبێت ئەویش سروشتی بێتە بەرچاو. پرسی  ئێمە هاتنەوەی ئەو بابەت و کەرەستانەیە لەگەڵ دۆخی ئێستا دا، ئەو کاتەی کە بینەران لەسەر کورسی هۆڵی شانۆ دادەنیشن.

بەڵام "ئێستا" و " هاوچەر" خ یەکێک نین ئەمەش داوێکە لەبەردەم ئێمەدا . دەرهێنەر دەتوانێت یەکێک لەشانۆنامەکانی

شکسپیر هەڵگرێت  بەسادەترین شێوەهاوچەرخی بکات . بۆ نمونە دەتوانێت  چەند کەسێک بە چەک و ماتۆڕەوە بهێنێت بۆ سەر تەختەی شانۆ بۆ ئەوەی تەختەی شانۆکە تێکبدەن بەیەکدا. بۆ ئەوەی وابکەین لە قۆناغی ئێستادا لەشتێک تێبگەن ، سەدان ڕێگابونی هەیە . تۆ وەک دەرهێنەر ئازادیت و هەر ئەم ئازادییەش پرسیاریکی ئەستەم کەناتوانیت خۆتی لێ بەدوور بگریت دەخاتە بەردەم تانەوە . ئازادی ناو براوی ئێوە ناچار بە ڕێز گرتن ، هەستیاری و سەرلەنوی بینینەوە لەکاتی دۆزینەوە دا دەکات . وەک دەرهێنەر دەتوانن لە خۆتان بپرسن : ئایا گەیشتون بە هەموو ئاستە دەوڵەمەند و بەتواناو پڕماناو ژیان بەخشی شانۆنامەکە لە ئایندەو ئێستادا؟ لەگەڵ ئەوەی کە سەرنجتان لەسەر ئەو ئاستە ماناییانە نییە، یان حەزتان لێی نییە یان لەبنەمادا بایەخی نییە بۆ تان . دەتوانن هەرجۆر پیتان خۆشە کار بکەن. بەڵام بە دڵنیاییەوە  دەبێت بتوانیت کەلێنی نێوان بە  مۆدێرنکردنی سادەی دەقەکە وئەو ڕەهەندە بەهێزو سەرسوڕهێنەرانە ی کە لەشانۆنامەیەکی کلاسیکدا لەبەرچاو نەگیراوە ، تێبگەیت و دەرکی پێبکەیت.کاتێک پەیمان بە توانا بە هێزەکانی شانۆی شکسپیر برد، ئیدی  ئامادە نین بە ئاسانی ڕیسک بکەین. بەکورتی وتاری ڕۆژنامەکەی دوێنێ   ، تاک ڕەهەندەو بەخێرایی دەسرێتەوە. هەر دێڕێکی  هەر یەک لە بەرهەمەکانی شکسپیرئەتۆمێکە، هێزێک  کە دەتوانێت تا بێ کۆتا ئازادبێت، بەو مەرجەی بتوانین هەڵبکۆڵین و پەی پێبەرین

# بەشی دوهەم

لەوە دەچێت لە پاریسدا ئازادانە کار دەکەیت و ئەمە ش بە شێوەیەکی سروشتی واتا شکسپیر بە زمانی فەرەنسی پیشکەش دەکەت. کام یەک لەو ئاستانەی لە بارەیەوە دوایت ئازارتان دەدات، ئەو کاتەی بە زمانێکی بێگانە کار لە سەر شکسپیر دەکەین؟ ئایا ئەم زمانی بیگانەیە دەتوانیت ببێتە خاڵێکی بە هێز بۆتان؟

پرسیارێکی بە جێیە، چۆنکە ئەزیەت و ئازاری کارەکە بۆ منە، شانۆنامەکە هیچی بە خیاڵدا نایەت. بە ڕاستی بۆ ئینگلیزی زمانەکان ئازارهێنەرە، چۆنکە لە گەڵ ئەوەی کە هەر وەردەگێڕدرێت ئاستێک لە کارەکە لە دەست دەچێت. خاڵی نائاسایی ئەوەیە کە شانۆنامەکانی شکسپیر هێندە چڕ و کەڵەکە بووە تەنانەت کاتێکیش چەند بەشێکیش لە کارەکە لا دەبەیت هێشتا کەرەستەو ئامرازێکی زۆر زۆر دەمێنێتەوە . لە کاتێکدا ئەگەر هەر بەو ڕادەیە لە شانۆنامەی ونوسەرێکی تر لا بەریت لە سەد ا نەوەدی بایەخی کارەکەیت لە ناو بدووە. هێزی نهینی ئامێزی شکسپیر لە وەرگێڕانیشدا خۆی نیشان دەداتێ. هەر ئەم هێزەشە کە دەتوانێت ڕێنماییکاری نمایش کردن بێتو بیخاتە ژێر دەستی خۆیەوە. ئەو هێزەی کە لە کەسایەتییەکان و پەیوەندییەکانیان و لە هەموو ڕەهەندەکان و بیرۆکە شاراوەکانی ناو زمانی ئەوەوە سەرچاوەیان گرتووە ، کە سەرەڕای کەم کردنەوەی ئاستی وشەکان، بەڵام لە ناو ناچێت. کار کردنیش

له گەڵ وەرگێڕەکاندا سەنجراکێشە چۆنکە ئەوەی لە زمانی فەرەنسیدا باوەو ڕوژانە بە کار دەبرێت، ماوەیەکی زۆرەلە زمانی ئینگلیزی دا نەماوە . زمانی فەرەنسی جۆریکیترە لە جیاوازی و ئەندێشە. بۆ نمۆنە ئەگەر دەستەواژەیەکی ئاڵۆز لەگەڵ سیفاتی سەیرو سەمەرەو نامۆدا کە لە زمانی ئینگلیزیدا تەواو سرووشتی دێتە بەر چاو، وە ر بگێڕدرێتە سەر زمانی فەرەنسی، زۆر تەسەنوعی و داخراوزیادەڕەوانە دێتە بەرچاو دێتە بەر چاو .کە واتە وەرگێڕی فەرەنسی ناچارە کاری سادە کردنەوە بکات و بەشێ لە بایەخی ڕاستەقینەی ئەو زاراوە ناو براوەیە لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ ئەوەی ماهییەتی تەواوی ئەو دەستەواژەیە سەر لە نوێ بخوڵقێنێتەوە. ئایا شکسپیر کاری لە سەر پرسی توند و تیژی ، وێرانی و ڕەهەندە خرابەکانی ژیان کردووە؟ ئایا ئەم پرسانە پەیوەست دەبن بە ئێمەشەوە ؟کاتیک کارم لە سەر یەکێ لە شانۆنامەکانی بێکیت دەکرد، بەردەوام ئەو پرسیارەیان لێ دەکردم ئایا ئەو ڕەشبینە؟ یان خۆشبینە؟ ئایا ئێمە ئەمرۆ دەبێت ڕەشبین بین یان گەشبین؟ دەبێنن هەموو ئەم پرسیارانە لە شێوەی درۆی سیاسەتمەدارەکان دەچێت. گەشبینی لە بەرانبەر واقعییەتدا، درۆیەکەو ڕەشبینیش خۆڕازی کردن و دڵخۆشییەکی بێمانایە. بژاردەیەکی سێهەمێش بوونی هەیە کە بە شێوەیەکی سەیر ئەستەمە، چۆنکە بە مانای قبووڵکردنی ئەو رەگەزە تەحەمول نەکراوەیە لە بوونی ئینسانیدا و هەر ئەو شتانەیە کە ڕەنگدانەوەی ئە ون. بۆ چی؟ چەندین ساڵ لەمەو پێش شانۆیی (ماهابارااتا )مان کار کرد کە کاری لە سەر پرسگەلێکی وەک شەڕ ، توند و تیژی ، هەموو ئەو گرێچنانەی

که له سینه‌مای ئه‌مڕۆدا هه‌یه کاری کردووه. له هه‌مان کاتدا قووڵترین مانای دژواز له جه‌سته‌ی مرۆییدا له باره‌ی ترس له شه‌ر، به شێوه‌یه‌کی ته‌واو جیاواز له سینه‌ما له (ماهاباراتا) روو ده‌دات. ئه‌و ئه‌ندێشه‌یه‌ی که له (ماهاباراتا) هه‌یه ، ئێمه به‌ره‌و ژیان ده‌بات نه‌ک خۆ کوشتن . ئه‌مه هه‌مان ئه‌و ئاکامه‌یه که ده‌توانرێت له تراژدییه یونانییه‌کاندا پێ بگه‌یت. له‌وه‌ێدا که کاره‌سات ئامێزترین رووداو، ڕاستیترینه‌و هه‌ر له به‌ر ئه‌م هۆیه‌ش هه‌ست به نزیکایه‌تییه‌کی زیاتر ئه‌که‌یت له‌گه‌ڵیاندا و وه‌ک بینه‌ر نه به دوای خۆ کۆشتندایت و نه سکاڵات هه‌یه. ئه‌م تێڕوانینه، توانای ئێوه بۆ ژیان زیاتر و که‌ڵه‌که ده‌کات و من له هه‌موو شانۆنامه‌کانی شکسپیر دا ڕاستییه‌کی ووزه به‌خشو جۆڵه به‌خشی وا ده‌بینم، بۆ نمۆنه له (شا لیردا) له هیچ کوێیه‌کی ئه‌م شانۆنامه‌یه‌دا که‌سایه‌تییه‌ک نادۆزیته‌وه که توند وتێژی مرۆیی له به‌ر چاو نه‌گرێت. دیاره هێشتاش ناتوانرێت بوترێت ئه‌م شانۆنامه‌یه، به‌رهه‌مێکی ڕه‌شه له جۆری ئێگزیستانسیالیستی و مرۆڤه کان به بێ بایه‌خ نیشان ده‌دات مرۆڤه‌کانیش وه‌ک شتێکی باش و جوان نیشان نادات. جۆڵه‌ی عه‌موودی و ئاسۆیی له ساتێکدا قابیلی تێگه‌یشتنه و گه‌ر توانای وه‌رگرتنیمان هه‌بێت، ده‌توانین له یه‌ک کاتدا وه‌ریبگرین و له‌ناو خۆماندا بیتوێنینه‌وه .

– بۆ چی توانای یاده‌وه‌ری شکسپیر په‌یوه‌ست ده‌که‌یت به جیناته‌کانیه‌وه؟

+ ڕه‌نگه هاوڕام نه‌بیت، به‌ڵام من بڕوام وایه که یاده‌وه‌ری گه‌وره‌و و توانای زۆر دیتن و بیستنی مه‌زن ، به‌شێکه له

تایبەتمەندی زاتی مرۆڤ. ئەوەی جێگای سەرنجە، کار کردنی ئەو تایبە تمەندییە زاتییەیە . شکسپیر لە سەرەتای ژیانییەوە، بە شێوەیەکی چالاکانە و چڕو پڕ لە گەڵ ئەزموونەکانی ژیانیدا ژیاوە. بە دڵنیاییەوەئەم هێزە زۆرە  لە گەڵ ئەو دا هاتووەتە دونیاوە و یەکەمجار کە قەڵەمی خستووتە سەر کاغەز خۆی نیشان داوە. بەڵام لە کاتی نووسینی یەکەم شانۆنامەیدا خاوەن تێگەیشتن و ئەزموون و ئەو پەیوەنییانە بوو، کە ئەوی ڕێنماییکرد بەرەو نووسینی (هاملێت)، (شا لیر)  و دواتریش (تۆفان).کە واتە دەکرێ پەی بە پەیوەندی سەرسوڕهێنەری توانای زاتی ئەزموونەکانی ژیان ببەیت. لە پەیوەندی لە گەڵ پرسی میتافیزیکادا دەکرێت چۆن لە هاملێت بگەین؟

نەک تەنیا لە (هاملێت) دا، بەڵکو لە هەموو شانۆنامەکانی شکسپیردا، میتافیزیکا بایەخێکی شایستە و زۆری هەیە. ئەگەر ڕۆح لە (هاملێت ) بکەیتە دەرەوە، کۆی بەرهەمەکە گۆڕانی بە سەر دا دێت. ئەگەر رۆحەکان لە شانۆنامەی (خەونی شەوێکی نیوەی هاوین)  بهێنیتە دەرەوە، کۆی شانۆنامەکە گۆڕانکاری بونیادی بە سەردا دێت .  دەتوانیت چیرۆکگەلێکی تر دروست بکەیت، بۆ نمونە لە بارەی ئەو پیاوەوەی کە بە دەستی براکەی کوژرا،ئەو کورەی توشی گومان دەبێت ودەیەوێت تۆڵە لە مامی بکاتەوە .... بەڵام هیچ کام لەمانە  هاملێت  نین . لە هاملێتدا گەنجەکە بە بینینی رۆحی باوکی توشی ئاڵۆزی و کێشمەکێشم دەبێت و لە رۆحی باوکی دەبیستێت و پێ دەڵێ کوشتوویانە. یەکێک لەو پرسیارانەی کە بە درێژایی شانۆنامەکە دەخرێتە روو ئەمەیە : ئایا ئەمە خەیاڵێکی پەتییە؟ وشەی خەیاڵ هەر لە سەرەتاوە

دەستەو یەخەی ئێمەیە. ئایا ئەمە خەیاڵە یان ڕاستی؟ دیارە بیسەری ئەم پرسیارە ئازارهێنەرە بیر لەو پرسە ناکاتەوە کە ڕەنگە کەسێک بە هۆی ئازاری دەروونییەوە کە هۆکارەکەی ئەو پرسیارە ئاماژە پێکراوەیە بێتە ناو ڕەهەندەکانی تری ژیانەوە. ئەو پرسیارگەلێک لەگەڵ ژناندا دەخاتەڕوو گومان دەکات لە ڕاستگۆییان ، کە ڕاستگۆو شەفاف دێنە بەرچاو. ئەمە بە چی مانایەکە ؟ ئایا ئەم ڕستەیەی کە " دەبێت دەسەڵاتدارێک بکوژی تا ببیتەجێگای ڕێز." نهێنی ئامێز نایەتە بەرچاو؟ ئەمانە پرسیاری سادەنین ، بەڵام لەلایەن روحەوە دەخرێنە ڕو، بەجۆرێک کە لە " خەونی شەوێکی نیوەی هاوین " پرسیار دەربارەی عشق ، بەهۆی ڕوبەڕوبونەوە لەنێوان عشقی جەستەی و ئاستەکانی تری کە لەڕێگای روحە وە دەردەکەون ، بەرجەستە دەبێت. دەربارەی "تۆفان "یش هەر بەهەمان شێوە یە. بەیانی ئە مرۆ شتێکم نوسی کە پێموایە زۆر سەرنجڕاکێشە ، چونکە پرسیارە دەربارەی لایەنە جۆراو جۆرەکانی بەرهەمەکانی شکسپیر.

ئەمانە دواین وشە کانی "تۆفانە " و ڕەنگە دواین وشەگەلێکیش بن کە شکسپیر نوسیبێتی. زۆر سەرنجڕاکێشە بۆ بیسەر، دیارە لە ڕوانگەی ئەکتەرەوە کە هەوڵدەدات پەی بە قوڵایی کەسایەتی پرئاسپرو دا ببات ، ئەم سەرنج ڕاکێشی یە سەدان بەرامبەر دەبێت:

کۆتایی من ، بێهیواییە
مەگەر ئەوەی کە دوعا ئارامم بکاتەوە
ئەوەی کە دێت و هێرش دەهێنێت
بە بەزەییەوە چاوپۆشی دەکات لە تاوانەکان.

بەو جۆرەی کە دەتەوێت تاوانەکانت ببەخشرێن
لێگەڕێ توانای بەخشینت ئازادم بکات.
بۆئێمەش سەرنج ڕاکێشترە گەر سەیرێکی وردتری ئەم وشانە بکەین ، چونکە پەی بە تواناو دژوارییەکانی شانۆنامە کانی شکسپیر دەبەین . واتای سەرەتا زۆر سادەیەو ناوەڕۆک نیشاندەدات. هەرکەسێک دەتوانێت زۆر خێرا لێی تێبگات:
کۆتایی من ، بێهیواییە
مەگەر ئەوەی کە دوعا ئارامم بکاتەوە
دیارە ئەگەر ئەم واتایە بە شێوەیەکی جیا بخەیتە بەر باس شتێکی ئاساییە و سەرنج ڕاکێش نیە . گوێ بگرن: وشەکانی بێهیوایی "....." ودوعا "......" قافیەی دوو ڕستەن . لەهەر ڕستوارانێکی بچوکی ئینگلیزی دا دەتوانیت ئەم واتایە ببینی کە لەسەر کارتی بچوک نوسراوە . ئەگەر ئەکتەر ، ئەم واتایە دروشم ئاسا بڵێت، پهی بەو راستەیە نابات کە واتای ناوبراو بە وشەی " دوعا" کۆتایی نایەت و وشەی " ئەوەیکە " خاڵی ئاوێزان بونە. لەدوای" ئەوە یکە " چی هاتووە ؟
ئەوەیکە دێت و هێرش دەهێنێت
بە بەزەیی و ...
پاشان "هێرش دەهێنێت " دێت و دەتوانیت هەمیشە ئەم دۆخە لە شانۆنامەکانی شکسپیردا ببینیت . شکسپیر هەمیشە دێڕە نوێکان بە وزەیەکی تازەوە دەستپێدەکات ، وەک لە ئاست ڕادەی مۆسیقادا. هەر ئەم پرسە، دەبێتەهۆی دروستکردنی ئاوێزان بون . دواتریش "بە بەزەییەوە " دەبینین . ئێستا ئەوە دەزانین کە "دوعا" نەک تەنیا کاریگەرە ، بەڵکو هێرش دەبات بۆ بەزەیی

و دڵنەوایی
نەک تەنیا لەم وشانەدا ، بەڵکو لەو وێنانەدا کەل ناویانداهەیە، هێزێکی ترسناکی تیاشاراوەتە. وێنەی شتێکی جیاوازو فراوان بەناوی " بەزەیی" کە خۆی دەکەوێتە بەردەم "هێرش". هەموو هەوڵی من ئەوەیە کە ڕا ستییەک بخەمە بەردەمتان و بڵێم ئێمە ڕوبەڕوی دیاردەیەک بوینەتەوە کەهەرگیز ناتوانین تێیبگەین . هەموو بایەخی کارەکە لەکاتی نمایشکردنی شانۆنامەکانی شکسپیریان ڕۆڵبینین تیاندا پەیوەستە بەو ڕاستییەوە کە بەدڵنیاییەوە تۆ مافی پرسیار کردنت هەیە و ئەمەش تەنیا دۆخێکی لۆجیکی و گونجاوە کە دەتوانیت خۆتی تیاببینیتەوە.
ئایا لەنێوان ئێوەدا کاردیناڵێک هەیە کە بتوانێت ئاماژە بەمانای ئەم واتایە _ ئەو دوعایەی کە دێت و هێرش دەکات _ بکات؟من کەس شک نابەم و پێموانیە تەنانەت لەناو زانایانی شەریعەت دا ، کەسێک بتوانێت لەمانای ئەم واتا کورتە تێبگات و لێکی بداتەوە. بەڕای من ئەم واتایە شاعیرێکی بە توانا نوسیوێتی بۆ ئەوەی راستییەکی سوتێنەرو پڕلە گە رمی ئاشکرابکات. هەرگیزمەبەستی ئەو نەبووە حەقیقەت فرمولەبکات . دەبینیت ئەگەر ئەم کارە ی کە دوورلە تیگەیشتن و ناسنور دارە، ببێتە ڕاستی ، بە ئازادی کۆتایی دێت.
... چاوپۆشی دەکات لە تاوانەکان .
بەو جۆرەی کە دەتەوێت تاوانەکانت ببەخشدرێن
"تاوانەکان" وشەیەکی زۆر بەهێزە.
لێگەڕێ توانای لێبوردەییت ئازادم بکات.
ئێستا ئەگەر سەیرێکی ورد تری ئەم نوسینە زۆر ئاڵۆزە بکەیت،

دڵنیام زنجیرەیەک لەوشە بەدەست دەهێنیت: "دوعا"، "هێرش"، "بەزەیی"،"تاوان"، "لێبوردن"و" ڕەهایی".
ئەگەر دەرهێنەر یا ئەکتەر ، ئەم کۆتاییەی پێخۆشبێت ، ئایا نابێت گومان بکرێت لە توانای بیستنی ئەوان بۆ وشەکان؟
ئەگەر بیرلە مانای کلێشە دەکەیتەوە و بڕوات وایە کە شکسپیرتەنیا شانۆنامەیەکی دەربارەی داگیرکەر نوسیووە ، بە دڵنیاییەوە دواین وشەکان ، واتە "ئازادم کەن "تان نەدیووە کە مانای ئازادی لەهەموو ڕەهەندو ماناکانی دا لەخۆ گرتووە.
هیچ کام لەو وشە ناو براوانە ،ماهییەتێکی جیاوازو سەر بەخۆیان نییە . ئەم ڕستانە بەهەموو ئاڵۆزییەکانیانەوە بەئازادی کۆتاییان دێت و پرسیارێک دەوروژێنن کە لەمڕۆشدا بۆ ئێمە جێگای باسە . هەرچی زیاتر لەگەڵ شکسپیردا ئاشناتر دەبین ، زیاتر ئەو لەناو خۆمان و ژیانی هاوچەرخی مرۆڤدا دەبینینەوە. وشەکانی شکسپیر دینە ناو ژیانی ئەمڕۆوەو جارێکی تر دەبنە خاڵی هاوبەشی مرۆڤی هاوچەرخ ، چ ئەم مرۆڤانە ئەکتەر بن ، چی دەرهێنەربن یا بینەر. ئامانجی ئەم وشانە ئەوەیە کە پرسیاری بێ سنور بخەنە بەردەم ئێمەوە تاوەکو لەبەر خۆمان دەستەویاخەیان بین.
دیارە دەبێت دوبارە هاوکاری ویارمەتی لە شکسپیر وەربگرم و داوا لە ئێوە بکەم بە هەمووتوانای لێبوردەییتانەوە ئازاد م بکەن .

بەرلین 1996